# هەڵەبجە و بووکی سەر ڕۆخی دەریا!

**عامر سابیر**
asabir79@hotmail.com
2005/3/16

لەو بەناو هەڵبژاردنەی کە لە مایسی 1992 دا کرا، سەرانی یەکێتی و پارتی چوونە هەڵەبجە وە بەڵێنی ئەوەیان بە خەڵکی هەڵەبجە دا کە شارەکەیان وەکو شاری (فلۆرانس) ی ئیتالیا و (قەڵادزێ) ش وەکو شاری میلان کە بە بووکی سەر ڕۆخی دەریا ناسراون، زۆر قەشەنگ و جوان دروست ئەکەنەوە.

هەروەها دووبارە لەو بەناو هەڵبژاردنەی کە لە 2005/1/30 دا کرا چونەوە هەڵەبجە وە ووتیان باشترین پاداشت بۆ قوربانیانی هەڵەبجە ئەوەیە کە ئەبێت عەلی کیمیایی لێرە لەم شارەدا دادگایی بکرێت.

ناسیۆنالیزمی کورد لە 14 ساڵی ڕابردوی دەسەڵاتدارێتیدا لە کوردستان نەك هەڵەبجەی قەشەنگ نەکرد وە نەیکرد بە فلۆرانس و میلان بەڵکو هەر کەلاوە و وێرانە و خەرابەکەی جارانە، وە هەر لە سایەی دەسەڵاتی ڕەشی ئەمانەو کێشمە کێش و هاوسەنگی هێزی نێوانیاندا بوو کە زیاتر لە 7 ساڵ ئیسلامیەکانیان کردە حوکم ڕانی هەڵەبجە کە لە کیمیایی یەکەی بەعس پیس تر و ژەهراوی تر و زیان بەخش تر بوون بۆ خەڵکی هەڵەبجە.

ئەمانە لەو کاتەدا کە باسی دادگایی عەلی کیمیایی ئەکەن لە هەمان کاتدا خەڵکی کوردستان ڕاپێچی ئیلحاقی ئیجباری ئەکەن وە بەشداری ئەکەن لە بنیاتنانەوەی ئەو عێراقەی کە ئەیکەن بە بەشێك لە دنیای عەرەب کە نیازیشیان وایە ئیسلام و شەریعەتە دارزیوو کۆنەپەرستەکەی بکەنە سەرچاوەی یاسا و دەستورەکەی.

لە چەندین ساڵی ڕابردوودا ناسیۆنالیزمی کورد بە کوروزانەوە و لاوانەوە و جولاندنی هەستی ساویلکانەی ناسیۆنالیستی یادی هەڵەبجەی کردۆتەوە. ئەم دزو جەردانەی کوردستان کە هەر خەریکی بازرگانی و کەڵەکەکردنی دۆلاری دزراوی خەڵکی کوردستانن نە ئەتوانن وە نە ئەیەڵن هەڵەبجە بکرێت بە فلۆرانس، ئەمانە نە ئەتوانن وە بە پێچەوانەوە بەشداری ئەو پرۆسەیەیان کردووە کە دوبارە خەڵکی هەڵەبجە و کوردستانی لە بەرامبەر تاوانی تری لەم چەشنەدا ڕاگرتووە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com